وەزارەتـی نـــاوخــۆ
ئـیدارەی گـــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : 2145
ڕێکەوت : 31 / 5 / 2023

---

# بانگهێشتی گشتی

## کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.45- 2022) تەندەری پرۆژەی

## ( گەیاندنی هێڵی کارەبا نێوان گوندی سماق و گوندی کانی ماران ) بۆ جاری دووەم

## کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە

ئاگـــاداری ســـەرجەم بەلێنـــدەر و کۆمپانیاکـــان دەکەیـــنەوە کە تەنـــدەر ی پـــرۆژەی نـــاوبراوی ســـەرەوە هەیە , کە ئامادەکراوە لە لایەن ( ب.دابەشکردنی کارەبای کفری ) , لەسەر بودجەی ئاسایی دابەشکردنی کارەبای کفری جێبەجێ دەکرێت, هەرکەس ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ب.ژمێریاری لە دیـوانی ئیـدارەکەمان بکات بەمەبەسـتی وەرگرتنـی تەنـدەر . ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە (75) حەفتا وپێنج ڕۆژی تقویمی یە.

• ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە گشتی یەکان ژمارە( 2 ) ساڵی (2016) جێ بەجـێ دەکرێـت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .

• وەرگرتنـی تەنـدەر لە ڕۆژی (پێـنج شـەممە 1/ 6 /2023 )ەوە دەسـت پـێ دەکـات تـا ڕۆژی (پێـنج شـەممە 15 / 6 / 2023) کاتژمێر ( 9 )ی سەر لە بەیانی تا ( 11:00 ) ی پێش نیـوەڕۆ لە ئیـدارەی گەرمیـان بەرامـبەر بە ( 100,000) سـەد هەزار دینـار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .

• دوا کـاتی گەڕانەوەی تەنـدەر ڕۆژی (دوو شـەممە 19 / 6 / 2023 ) کـاتژمێر (11:00 )ی پـێش نیـوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشکرا کردنـی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (11:00)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.

• ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.

• بەشـداربوان بـۆ هەر پرسـیار و ڕوونکـردنەوەیەك لەسـەر تەنـدەری پـرۆژەکە دەتـوانن سـەردانی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی کارەبـای گەرمیان بکەن .

• مەرجەکان:

1- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆڵێنکردنیان ( 2 تا 9) بێـت وە پێناسـی وەزارەتـی پـلان دانـان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

2-بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( التعهد الخطي الضامن ) بەپێـی وێـنەی هـاوپێچ لە بەڵگەنامەکـانی تەنـدەر دا هەیە پێویسـتە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پـڕ کـرابێتەوە لەلایەن پێشـکەش کـاری تەنـدەر وە مـۆر وواژۆی لەسـەر بێـت و پەسـەند کرابێـت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.

3- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (90) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

4- پێویسـتە ئەو کۆمپانیـا و بەڵێنـدەرانەی کە بەشـداری دەکەن پشـتگیری بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی تۆمـارکردنی کۆمپانیاکـان یـان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .

5- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (2023) یان هەبێت .

6- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سـپاردن بـۆ بەرژەوەنـدی گشـتی بە هۆکـاری پێویسـت هەڵبووەشێنێتەوە .

7- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

جــلال نـــوری عبدالقـادر
سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/بەوەکالەت